# درۆ

(پەردە لادەدرێ. دووکەس لەسەرشانۆن. یەکەم بەپێوەیەو دووەم دانیشتوە.

**یەکەم:**

من دێتەوەیادم کەکاتێ باوکم کوژرا، دایکم دەستوپێی بۆلەخەنەگرت. خەڵکەکە لێیبوون بەدوو بەشەوە. بەشێکیان پیرۆزباییان لێدەکرد. بەشەکەیتر تفولەعنەتیان بۆدەنارد. من ئەوسا سەرم لەباسەکە دەرنەدەکرد. لەنێوان دایکمو بەشی یەکەمو، دایکمو بەشی دووەمی خەڵکەکەداو، هەروەها لەنێوان دایکمو خۆمو خۆمدا دۆشدامابووم. نەمدەزانی چیبڵێمو چیبکەم؟!. ناچار سەری خۆم هەڵگرتو هەڵاتم. گەڕام.. زۆر شارویٚ گەڕام. بۆچیدەگەڕام؟!. دەزانیت بۆچی؟!.

**دووەم:**

(سەری نەئی بۆدەبزوێنێ).

**یەکەم:**

بۆوەڵام.. بۆوەڵامێك دڵنیامبکا کەراستترین وەڵامەو، نەشێ وەڵامێکیتر لەئاستیدا سەرهەڵبدا.

**دووەم:**

دەستتکەوت؟!.

**یەکەم:**

(وەڵامی پرسیارەکەناداتەوە. دوای کەمێ خامۆشی)

حەزدەکەم بزانم کەئاخۆ تۆ، لەگەڵ کام بەشیاندا دەبوویت؟.

**دووەم:**

پێویستە بیزانیت؟.

**یەکەم:**

بەڵێ.

**دووەم:**

(هەڵدەستێتە سەرپێ‌و، بەدەم هاتن‌و چوونەوە)

گوێبگرە.. من کەدایکم کوژرا، باوکیشم بەدوایدا خۆی کوشت. خەڵکەکە نەك لەباوکم، لەمن بوون بەسەدبەشەوە. من لەباسەکە ســــــەرسامنەبووم. ســـەری خۆم هەڵنەگرت‌و هەڵنەهاتم. وەڵامی راستودروستی هەرسەد بەشەکەمدایەوەو، هەمووشیانم دەمکوتکرد.

**یەکەم:**

هەردووکمان لەتەمەنێکداین.. وانا؟.

**دووەم:**

بەڵێ.. بەژماردەی ساڵ.

**یەکەم:**

تۆ بەچیت دەنازی؟.

**دووەم:**

چیت بەخەیاڵدادێ؟.

**یەکەم:**

خۆت بیڵێ.

**دووەم:**

وەڵامی راست.. بەووەڵامە راستەی کەدەمزانی، لەلای خۆمەو لای کەسیترنا.

**یەکەم:**

دەتەوێ بڵێیت کـەئـەو ســاڵــەهـا گــەڕانـەی من، رەنجێکبوو بەفیڕۆچوو؟.

**دووەم:**

(بێدەنگی)

**یەکەم:**

بێهوودەبوو؟

**دووەم:**

(بێدەنگی)

**یەکەم:**

بێعەقڵیبوو؟.

**دووەم:**

**بۆچی هەڵدەچیت؟.**

**یەکەم:**

**بۆچی هەڵنەچم؟. دیارە تۆ من بـــەکابرایەکی گەمژەو گەلحۆ لەقەڵەمدەدەیت.. وانا؟.**

**دووەم:**

**(بەزەردەخەنەوە)**

**ببوورە.. لێمتێنەگەیشتیت.. ئەوەم مەبەستنەبوو.**

**یەکەم:**

**با.. قسەکانت وادەگەیەنن.. من وایانهەستپێدەکەم.**

**دووەم:**

**(دوای کەمێ بیرکردنەوە)**

**گوێبگرە.. من کەدایکم کوژراو باوکم بەدوایدا خۆی کوشت، بیرێکی وردملێکردەوەو هەرزوو چوومە بنجوبناوانەوە، کـەبۆچی دایـکم کـوژراو بۆچیش بـاوکم بـەدوایـدا خۆی کوشت؟. دەبینیت؟. من لـــەو رێگەیەوە زووتر گـــەیشتمە وەڵامو، جیاوازییەکـــە لەنێوانماندا تەنیا هێندەیە.**

**یەکەم:**

**بەبێگەڕانی شارەوشار؟!.**

**دووەم:**

**بەڵێ.**

**یەکەم:**

**بێبینینی نموونەیتر؟!.**

**دووەم:**

**بەڵێ.. بەڵێ.**

**یەکەم:**

**بێماندووبوونو شەونخوونیو، بێئەشکەنجەو ئازارچەشتن؟!.**

**دووەم:**

**(خامۆشی)**

**یەکەم:**

**دەشتەوێ پێمبسەلمێنیت، کەگوایە وەڵامی راستوڕەوانت دەستگیربووە؟!.**

**دووەم:**

**بمبەخشــە.. حەزدەکەم بزانم کەئــایــا وەڵامی راستوڕەوان لەلای تۆ چۆنە؟.**

**یەکەم:**

**ئەوەی نەشێ وەڵامێکیتر لەئاستیدا سەرهەڵبدا.**

**دووەم:**

**جا ئایا وەڵامێك لەوبابەتە، لەبنەڕەتدا بوونی هەیە؟!.**

**یەکەم:**

**ئەگەر نەبێ دەبێ بڵێم، کــــەنەباوکم هـــەبووەو نەکوژراوە. نەدایکیشم هەبووەو، نەدەستو پێی بۆلەخەنەگرتوە.**

**دووەم:**

**نەمنیش دایکم هەبووەو نەکوژراوەو، نەباوکیشم هەبووەو نەبەدوایدا خۆی کوشتوە.**

**یەکەم:**

**بێگومان.**

**دووەم:**

**نەتۆش هەبوویتو هەیتو، نەبەدوای وەڵامدا گەڕاویتو دەگەڕێیت؟!.**

**یەکەم:**

**(خامۆشی).**

**دووەم:**

**نەمنیشو...؟!...**

**یەکەم:**

**(خامۆشی).**

**دووەم:**

**کەچی!...**

**یەکەم:**

**(بەدەم خامۆشییەکەیەوە لەدووەم دووردەکەوێتەوە).**

**دووەم:**

**وەڵامی تۆشو منیش هەنو..**

یەکەم:

(لەناکاو بەتووڕەییەوە)

درۆدەکەیت.. تۆ درۆدەکەیت...

دووەم:

(بەهێمنی)

هەڵمەچۆ.. لەسەرخۆبە.. گریمان درۆدەکەم.. بەڵام چۆن؟!.

یەکەم:

(بەڕقەوە)

نازانم چۆن.. نازانم. بەڵام دڵنیامو دڵنیام کەتۆ درۆدەکەیت.

دووەم:

(پشتیتێدەکاو لێیدووردەکەوێتەوە)

کاتێ دایکم کوژرا ، خەڵکەکە بەدرۆ دەیانووت کەمێردەکەی بەکوشتیداوە. کاتێکیش باوکم خۆی کوشت، دیسان بەدرۆ دەیانووت کەدرۆیە خۆی نەکوشتوەو کوژراوە.

یەکەم:

(هێمندەبێتەوە)

بمبەخشە.. وادیارە دەتەوێ کەبەدرۆ، تۆڵە لەدرۆ بسێنیت.

دووەم:

(وەردەچەرخێتەوە) تۆ هــەڵەیت.. من تۆڵــە لــەدرۆ بەڕاستگۆیی دەسێنم.

یەکەم:

(بەسەرسامییەوە)

بەڵام.. بەڵام تۆخۆت وەهاتووت!.

دووەم:

کاتێ وەڵامی دروستی سەد بەشەکەی خەڵکەکەمدەدایەوە، ئــەمجارەش بــەدرۆ دەیــانووت: درۆیــە.. نــەدایکی یەکێکیتر کوشتی و، نەباوکی خۆی کوشت، بەڵکو کوڕەکەیان کوشتی.

یەکەم:

(سڵیلێدەکاتەوە).

دووەم:

لەوەدەچێ گومانم لێبکەیت!.

**یەکەم:**

(لێیدەکشێتەدواوە).

**دووەم:**

لەوەدەچێ لێمبترسیت!.

**یەکەم:**

کێ دەڵێ راستیاننەکردوە.

**دووەم:**

(روو وەردەگێڕێ. بەخەفەتبارییەوە).

من دایکم زۆر خۆشدەویستو، باوکم زیاتر. کەئەویان کوژرا، دڵ لەسینەمدانەما. کەئەمیشیان خۆی کوشت، جەرگم توایەوە. کێ دەتوانێ بەبێدڵو جەرگ لەژیاندا بمێنێ؟!.. ها.. کێ؟!. من حەزمدەکرد کەوەڵامی دروست مردنی منیشبووایە.. مردن. کەچی مردنیش بوو بەدرۆیەکیتر.. درۆیەکی زلتر.

**یەکەم:**

(لێینزیکدەبێتەوە)

لێمببوورە.. تۆ خۆشویستنی راستی، هۆگری درۆیکردوویت. یابابڵێین: لەپێناوی راستیدا، رێگای درۆ دەگرێتەبەر.

**دووەم:**

(خامۆشی)

**یەکەم:**

بەڵام براکەم.. ببوورە کەئامۆژگاریتدەکەم.. تۆ بۆگەڕان بەدوای راستیدا، رێگایەکی چەوتت گرتۆتەبەر. تۆ ویستووتە لەپاڵەوەو، لەدوو تویێی درۆی دەوروپشتی خۆتدا، راستی بدۆزیتەوە. بەڵام دەبوو بتزانیایە، کەراستی لەشوێنێکی دوورە.. لەودیو پەرژینی درۆکانی دەوروپشتی خۆتەوە. دەبوو بتزانیایەکە..

**دووەم:**

(لێپرادەپەڕێو دەمانچەی لێدەردێنێ).

**یەکەم:**

(رادەچەنێو دەکشێتەدواوە)

براکەم..

**دووەم:**

**(بەپرقەوە لێیدەچێتەپێشەوە)**

**یەکەم:**

**(بەشڵەژاوییەوە)**

**براکەم.. چیدەکەیت؟!.. تکایە.. نیازی چیت هەیە؟!.**

**دووەم:**

**درۆ.. دەمەوێ درۆبکەم.**

**یەکەم:**

**بــراگــیــان.. بیربــکــەرەوە.. لــێکیبــدەرەوە.. بچــۆرە بنجوبناوانییەوە.. تکایە..**

**دووەم:**

**جنێوم پێدەدەیت.. ها.. سووکمدەکەیت؟!.**

**یەکەم:**

**نانەخێر. نا.. تکایە.. بیربکەرەوە.. تۆدایکت کوژرا.. باوکت بەدوایدا خۆی کوشت. منیش کەباوکم کوژرا، دایکم دەستو پێی بۆلەخەنەگرت. ئا.. وابوو.. تکایە.. لێکیبدەرەوە.**

**دووەم:**

**(شێتگیردەبێ)**

**درۆدەکەیت.. تۆ ژیانی خۆتت مەبەستە. درۆدەکەیت. ناتەوێ بیربکەمەوە. ناتەوێ لێکیبدەمەوە. تەنیا دەتەوێ خۆت لەمردن رزگاربکەیت.**

**یەکەم:**

**نا.. تکایە.. نا.. نەکەیت.. نەکەیت.**

**دووەم:**

**درۆدەکەیت.. درۆ.. هابگرەو بمرە.. بمرە.. بمرە..**

**(تەقەیلێدەکا).**

**یەکەم:**

**(دەکەوێو دەمرێ)**

**دووەم:**

**(دەداتە قاقای پێکەنینێکی شێتانە).**

**سێیەم:**

(بـەسـەردادێ. دەحـەپـەسێ. دەچێ بەلای یەکەمەوەو، گوێ بەسنگییەوەدەنێ)

دەتتوانی نەیکوژیت.

**دووەم:**

(بەکەمتەرخەمییەوە)

بۆچی نەیکوژم؟!.

**سێیەم:**

واباشتردەبوو.

**دووەم:**

(بەڕقەوە)

ئامۆژگاریمدەکەیت؟!.

**سێیەم:**

من؟!. نانا.. من هەقم چییە؟!.

**دووەم:**

کەوابوو باشترنەدەبوو.

**سێیەم:**

بۆتۆ؟!.. ڕەنگە.

**دووەم:**

ئەی بۆتۆ؟!.. باشتردەبوو؟!.

**سێیەم:**

ڕەنگە.

**دووەم:**

هەڕەشەملێدەکەیت؟!.

**سێیەم:**

نا.. من لەتۆیناکەم.. تۆ خۆت لەخوتیدەکەیت.

**دووەم:**

من دانووم لەگەڵ فەلسەفەو مەلسەفەدا ناکوڵێ.

لەڕوو قسەبکە.

**سێیەم:**

**هەقتە.. تێمگەیەنە.. بۆچی کوشتت؟!.**

**دووەم:**

**نا.. چاکتروایە تۆ تێمگەیەنیت، کەبۆچی نەمکوشتایە؟!.**

**سێیەم:**

**بۆئەوەی درۆنەکەیت.**

**دووەم:**

**بۆئەوەی درۆنەکەم؟!. (بەقاقای پێکەنینەوە)**

**گەوجە.. من بۆیە کوشتم، چونکە ویستم درۆبکەم.**

**سێیەم:**

**(دوای کەمێ بیرکردنەوە)**

**ئـەی بـەڕاست.. حــەزدەکـەیت (دەمانچەی لــێدەردێنێو ئاڕاستەیدەکا) منیش درۆیەك لەگەڵ تۆدابکەم؟!.**

**دووەم:**

**(دەشڵەژێ)**

**ئەگەر راستت دەوێ.. نەء.. حەزناکەم.**

**سێیەم:**

**ئافەرم.. وەڵامەکەتم بەدڵە. بۆمەرامی من، وەڵامێکی پڕ بەپێستە. ئەی بۆتۆ خۆت؟!.**

**دووەم:**

**نازانم مەبەستت چییە. تۆ بەپێچوپەنا قسەدەکەیت!.**

**سێیەم:**

**پێچوپـەنـا؟!.. حـاشـا.. لـەسـەر داوای خـۆت، زۆر لـەڕوو قسەدەکەم. من لەووەڵامەت دڵنیام. ئەی تۆ خۆت؟!.**

**دووەم:**

**(بەدوودڵییەوە)**

**منیش.**

**سێیەم:**

**ئافەرم.. دەمخۆش..**

دووەم:

(بەترس و پاڕانەوەوە)

برام.. براگیان..

سێیەم:

من نامەوێ درۆت لەگەڵدابکەم.

دووەم:

منیش.

سێیەم:

تۆش چی؟!.

دووەم:

منیش.. منیش. تکـایــە بیــربکــەرەوە.. لــێکـیبدرەوە. بچۆرە بنجوبناوانییەوە.. تکایە.

سێیەم:

جنێوم پێدەدەیت؟!. دەتەوێ درۆت لەگەڵدا بکەم؟!.. ها.. درۆ؟!.

دووەم:

تکایە وردیبکەرەوە. لەخۆڕایی نەمکوشت. درۆمکرد کەوتم ویستم درۆبکەم. باوکیو دایکم.. دایکمو باوکی.. تکایە..

سێیەم:

راستدەکەیت.. دەزانم.. راستدەکەیت. بۆیە دەتکوژم. بۆیە لەژیاندا ناتهێڵمو گەردت بەبادەدەم.

دووەم:

نا.. نا.. نەکەیت.. نا..

سێیەم:

(تەقەیلێدەکا).

دووەم:

(دەکەوێو دەمرێ).

سێیەم:

(رووی قسە لەدانیشتووانەکا)

لەناهەق کوشتی. بۆیە..

**یەکەم:**

(رادەپەڕێتە سەرپێ و، رووی قسە لەدانیشتووانەکا)

درۆدەکا.. لەناهەق نەبوو!.

**سێیەم:**

(بەسەرسامییەوە)

لەناهەق نەبوو؟!.

**یەکەم:**

نەخێر.. لەسەرهەقبوو.

**سێیەم:**

(تەقەیلێدەکا).

**یەکەم:**

(دەکەوێ و دەمرێ).

**سێیەم:**

(رووی قسە لەدانیشتووانەکا)

لەناهەق نەبوو. لەسەرهەق کوشتم.

**دووەم:**

(رادەپەڕێتە سەرپێ و، رووی قسە لەدانیشتووانەکا)

درۆدەکا. لەناهەق کوشتی.

(تەقەیلێدەکا)

**سێیەم:**

(دەکەوێ و دەمرێ)

**دووەم:**

(رووی قسە لەدانیشتووانەکا)

لەسەرهەق کوشتم.

**یەکەم:**

(رادەپەڕێتە سەرپێ و رووی قسە لەدانیشتووانەکا)

درۆدەکا. لەناهەق کوشتی.

(تەقەیلێدەکا).

**دووەم:**

(دەکەوێ و دەمرێ)

**یەکەم:**

لەسەر هەق کوشتم.

(لەوەبەدوا ئەم کوشتوبڕەی نێوان سێقۆڵییەکە، چەند جارێك دووپاتدەبێتەوە. ئەوسا..)

**چوارەم:**

(لەناوهۆڵەوە سەردەکەوێتە سەرشانۆ. هەرکسێکیاندەداتە بەرتەقە).

**یەکەم: دووەم: سێیەم:**

(دەکەون و دەمرن)

**چوارەم:**

رووی قسە لەدانیشتووانەکا)

بۆئەوەی کوشتوبڕەکە کۆتایی پێبێ و، ئێوەش لەوەزیاتر سەرتان نەیەشێ).

مارتی 1973